# حکومەتی ئەلکترۆنی

ڕێبوار کەریم - کۆلیژی ئاداب

هەریەکێک لە ئێمە چەندان جار بۆ مامەڵەی رەسمی روومان کردۆتە فەرمانگەکانی حکومەت و بە هۆی رۆتین و ریزبەستنی دوور و درێژ دووچاری بێزاری هاتووین، ئەمە سەرەرای ئەوەی کاتێکی زۆرمان لە کیس چووە . ئەم حاڵەتە لە جیهاندا وایکرد بیرۆکەی حکومەتی ئەلکترۆنی) سەرهەڵبدات و لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا کارکردن بە میکانیزمی (حکومەتی ئەلکترۆنی) گەیشتۆتە ئاستێکی بەرز . لەسەر ئاستی جیهانیدا لە ناوەراستی هەشتاکانی سەدەی رابردوو لە وڵاتانی ئەسکەندەنافیا بیرۆکەی (حکومەتی ئەلکترۆنی) سەری هەڵدا کە بە بەستنەوەی گوندەدوورەکان بە ناوەندەوە بوو ئەو کاتە بە گوندی ئەلکترۆنی ناو دەبران و ئەزمونەکەش ناوی نرابوو (سەنتەری خزمەتگوزارییەکان لە دوورەوە).



پاشان ئەم ئەزمونە لە ساڵی (١٩٨٦) لە بەریتانیا و لە گوندێکی (مانچستەر) دووبارە کرایەوە و لە ساڵی (١٩٩١) پرۆژەکە بە تەواوی کاری پێکرا، دواتر دەستەی پۆستی ناوەندی لە ولایەتی (فلۆریدا) ی ئەمەریکا لە بەرێوەبەرایەتیەکەی لە کۆتایی ساڵی (١٩٩٥) پرۆژەیەکی لەم جۆرەی جێبەجێکرد .

بەڵام لە دایک بوونی رەسمی و سیاسی (حکومەتی ئەلکترۆنی) بۆ کۆنگرەی (ناپۆلی) دەگەرێتەوە کە لە مانگی ئاداری (٢٠٠٣) لە ئیتالیا بەسترا . دەستەواژەی (حکومەتی ئەلکترۆنی) هەرگیز بەو مانایە نایەت کە ئەو حکومەتە هەموو ئەو کارانەی لە ئەستۆیەتی لە رێگای ئینتەرنێتەوە جێبەجێی بکات ئەگەر وا تێبگەین ئەوا تێگەیشتنێکی هەڵەیە بۆ حکومەتی ئەلکترۆنی چونکە هیچ دەوڵەتێک ناتوانێت بۆ رایی کردنی کارەکانی تەنها پشت بە ئینتەرنێت ببەستێت .

ئەی کەواتە حکومەتی ئەلکترۆنی چیە؟ حکومەتی ئەلکترۆنی گۆرینی بەرژەوەندی حکومەت و لایەنی کەرتە تایبەتیەکانە بە ئاراستەی ئەکتیف کردنیان بە تایبەتی ئەو لایەنانەی پەیوەستن بە خزمەتگوزاریەکانی خەڵک ئەمەش لە رێگەی رایەڵە ئەلکترۆنیەکانەوە کە دەڵێن سوود لە هەموو بوارەکانی گەیاندنی پێشکەتوو وەردەگیرێت، هەندێک پێیان وایە حکومەتی ئەلکترۆنی تەنها بە ئینتەرنێتەوە بەستراوەتەوە بەڵام فاکس و تەلەفۆنیش دوو توخمی گرنگن لە پێکهاتەی حکومەتی ئەلکترۆنی .

## وەرچەرخان بەرەو حکومەتی ئەلکترۆنی

پرۆسەی گۆرانکاری حکومەت بۆ حکومەتی ئەڵکترۆنی پێویستی بە کۆمەڵێک ئامراز هەیە گرنگترینیان بوونی تۆرێکی بەرفراوانی ئینتەرنێتە و رێژەی بەشدار بوانی ئینتەرنێتیش لەهەر ووڵاتێکدا نابێت کەمتر لە رێژەی (٣٠ ٪) بێت .

گۆرانکاری بەرەو حکومەتی ئەلکترۆنی بەرەو پێشەوە چوونێکی زۆر گرنگە لە بواری پتەو کردنی ئابووری و پێشخستنی خزمەتگوزاریەکان و هەموو لایەک دەتوانن بەشدار بن لە پێشخستنی پرۆسەی گەشەپێدان.

گۆرانکاری رووە و حکومەتی ئەلکترۆنی پێویستی بە خەرجیەکی قەبە هەیە بۆ دامەزراندنی بانقی زانیاری و ژێرخانێکی پێشکەوتووی تۆرەکانی گەیاندن و راهێنانی کارمەندانی دەوڵەت، سەرەرای ئەمەش دەبێت کۆمەڵگا بگۆرین بۆ کۆمەڵگایەکی زانیاری ئەگەرنا هەموو ئەو شتانەی باسکران سوودێکی ئەوتۆ ناگەیەنن بۆیە دەبینین زۆر لە ووڵاتان حکومەتەکانیان نەگۆریوە بۆ حکومەتێکی ئەلکترۆنی چونکە تا ئێستا سەیری ئەزمونی ئەو وڵاتانە دەکەن کە پەلەیان کرد لە گۆرانکاری بەرەو حکومەتی ئەلکترۆنی هەروەها چاوەروانی گۆرانکاری قۆناغ بە قۆناغی کۆمەڵگاکەی خۆشیان دەکەن بەرەو کۆمەڵگایەکی ژمارەیی .

## ئەو پێداویستیانەی بەر لە وەرچەرخان بۆ حکومەتی ئەلکترۆنی دەبێ لەبەر دەست دابن ئەمانەن :-

·دابین کردنی ژێرخانێکی تۆکمە بۆ بەستنەوەی تەواوی دامەزراوەکانی دەوڵەت بەیەک تۆڕی زانیاری و ئاڵ و گۆڕکردنی زانیاری لە نێوان لایەنە جیاجیاکاندا .

· کردنەوەی چەندین وەرشەی تایبەت بە جێبەجێکردنی سیستەمی حکومەتی ئەلکترۆنی و هەوڵدان بۆ سوود وەرگرتن لە ئەزموونی وولاتانی دیکە لەم بارەیەوە




· دەرکردنی رێنمایی و بریار بۆ ئەوەی هەموو فەرمانبەرانی کەرتە حکومیەکان دەبێ کۆمپیوتەر بەکار بهێنن نابێ تەنها چەند کەسێک یاخود ئیدارەکان بە تەنها کۆمپیوتەر بەکار بهێنن .

· دابین کردنی هێڵی ئینتەرنێت بە خۆڕایی یاخود بە نرخێکی رەمزی بۆ هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا تا بتوانن بە ئاسانی بەکاری بێنن .

.دامەزراندنی بەرێوەبەرایەتیەک بۆ بەدواداچوون و پێشخستنی حکومەتی ئەلکترۆنی، وەکو ئەوەی لە کۆریای باشوور کاری پێدەکرێت کە لەم وولاتەدا وەزارەتێک پێک هێنراوە و تایبەتە بە سەرپەرشتی کردنی حکومەتی ئەلکترۆنی و ناوی وەزارەتەکەش (وەزارەتی بەرێوەبەرایەتی حکومی و کار و باری ناوخۆیە) ئەرکی ئەم وەزارەتەش فرە شێوازکردنی گەیاندنی خزمەتگوارییەکان و بەرز کردنەوەی ئاستی رۆشنبیری زانیاری فەرمانبەرانی حکومەتە .

## سوودەکانی حکومەتی ئەلکترۆنی

١. بەرزکردنەوەی ئاستی توانستەکان و دەتوانرێ زۆر بە وردی زانیاریەکان لە نێوان فەرمانگەکانی حکومەت ئاڵوگۆر بکرێت و بە دەستکەوتنی زانیاری لە نێوان کەرتە بازرگانیەکان و هاوولاتیان وەکو یەک بۆ هەمووان دابین دەکات و ماوەی نێوان بە دەستکەوتنی زانیاری لە بارەی هەر کارێک و رەزامەندی دەربرین لە بارەیەوە لە ماوەی چەند سەعات و رۆژێک کورت دەبێتەوە بۆ چەند چرکە و دەقیقە.

٢. دڵنیا بوون لە راستی و وردی بەیان و مامەڵەکان و بە هۆی ئەوەی زانیارییەکان لەبەر دەستی هەمووان دایە و رێگە لە هەڵە و کەم و کوورییەکان دەگیرێت .

٣. کەمکردنەوەی رێو شوێنە ئیداریەکان و دابینکردنی زانیارییەکان بە شێوەی ژمارەیی (دیجیتاڵی).

٤. بەکارهێنانی توانا مرۆییەکان بە شێوەیەکی باشتر، ئەگەر هاتوو زانیارییەکان بە شێوەی دیجیتاڵی دەورە دران ئەو کاتە دەتوانرێت توانا مرۆییەکان بۆ کار و ئەرکی پڕ بەرهەمتر ئاراستە بکرێت .

## حکومەتە ئەلکترۆنیەکان

زۆرن ئەو وولاتانەی حکومەتی ئەلکترۆنیان پێک هێناوە و پێشیان خستووە بەڵام پێشکەوتووترینیان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە و چەند وولاتێکی تریش کار بەم سیستەمە دەکەن وەکو (ئوسترالیا – نیوزلەندا – نەرویج – کەنەدا – شانشینی یەکگرتوو – هۆڵەندا – دانیمارک – ئەلمانیا) .

هەروەها لەم بارەیەوە وولاتانی جیهان بە سەر دوو کۆمەڵەدا دابەش بوون :-

١. کۆمەڵەی ئەو وولاتانەی ژێرخانێکی تەکنیکی کاملیان هەیە ئەم کۆمەڵەیە بریتی یە لە (ئەمەریکا و ژاپۆن) کە پێشکەوتووترین وڵاتانی جیهانن کە قۆناغێکی گرنگ و چلۆنایەتیان بریوە لە بواری تەکنیکی زانیاری و لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٢ – ١٩٩٥) بری (٦٥) بلیۆن دۆلاریان لە پرۆژەکانی زانیاری وەبەر هێناوە، بەڵام حکومەتی (فەرەنسا) لە ساڵی (١٩٧٨) ە وە دەستی کردووە بە پلان دانان بۆ بواری تەکنیکی زانیاری بە مەبەستی چوونە ناو کۆمەڵگەی زانیاری لەم لایەنەشەوە تە نها لە ماوەی ساڵانی (١٩٩٨ – ٢٠٠٠) حکومەتی فەرەنسا (٩٥) ملیار فرەنکی فەرەنسی خەرج کردووە .

هەروەها وڵاتانی (ئوستر الیا – کەنەدا – ئەورووپای رۆژئاوا – کۆریای باشوور – هۆنگ کۆنگ – سەنگافورە) و لە وولاتانی عەرەبیش (دوبەی) لە چوارچێوەی ئەم کۆمەڵەیەدان .

٢. کۆمەڵەی ئەو وڵاتانەی خاوەن ژێرخانێکی ناکامڵن، (هیند) یەکێکە لەو وولاتانە، چەند ویلایەتێکی (هیند) لە ساڵی (١٩٩٨)

هەڵسان بە پێشخستنی تەکنیکی زانیاری و لەم میانەیەدا ویلایەتی (بەنگالور)ی هیندی بۆتە چالاکترین ویلایەت لە رووی تەکنیکی زانیارییەوە، هەر لەمساڵدا هەر یەک لە وڵاتانی (میسر – لوبنان – ووڵاتانی ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو) دەستیان کرد بە جێبەجێکردنی هەمان پرۆژە و (ئەردەن) یش لە ساڵی (٢٠٠١) هەمان پرۆژەی دەست پێکرد . شایەنی باسە ئەزموونی میرنیشینی (دوبەی) لە بواری حکومەتی ئەلکترۆنیدا بە پێشەنگی ووڵاتانی عەرەبی لە




قەلەم دەدرێت و حکومەت و پلان و ئامانجە دوور و نزیکەکانی لەم بارەیەوە دیاریکردووە .

## ئەزموونی عیراق

سەرەتایی ئەم ئەزموونە لە ساڵی (٢٠٠٤) دەرکەوت کاتێک وەزارەتی زانست و تەکنەلۆژیا بۆندێکی بە بری (٢٠) ملیۆن دۆلار لە گەڵ کۆمپانیایەکی (ئیتالی) مۆر کرد بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی حکومەتی ئەلکترۆنی و پلانی حکومەتیش بۆ ئەم سیستەمە بە سێ قۆناغ دیاریکراوە

قۆناغی یەکەم پرۆژەیەکی کورت خایەنە و ماوەکەی دوو ساڵە بریتی یە لە دامەزراندنی ژێرخانی تەکنۆلۆژیای زانیاری و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە فەرمانبەرانی وەزارەتی زانست و تەکنەلۆژیا .

قۆناغی دووەم ماوەکەی پێنج ساڵە و بریتی یە لە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بۆ فەرمانبەرانی وەزارەتەکان و کەرتە کانی بازرگانی .

قۆناغی سێ یەم درێژ خایەنە و ئامانجی دابین کردنی ئەم خزمەتگوزارییەیە بۆ هەموو فەرمانبەران لە شوێنی کارەکانیان .

### حکومەتی ئەلکترۆنی ئەو خزمەتگوزارییانە ش پێشکەش دەکات:

- دابینکردنی خزمەتگوزاری ئاڵ و گۆڕی نێوان بانکەکان .
- دانی پارە و کرێ بە شێوەی ئەلکترۆنی و داشکاندنی لە سیستەمی حیسابی بانک .
- دامەزراندن و دۆزینەوەی هەلی کارکردن.
- دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی حکومەت و سەرپێچی یاسایەکانی هاتووچۆ .
- دابین کردنی پەساپۆرتی ئەلکترۆنی هەر بەشداربوویەک ژمارەیەکی نهێنی تایبەت بە خۆی دەبێت و بە دەست هێنانی فیزا و نیشتەجێ بوونیش فەراهەم دەکات .
- دەست بەسەراگرتنی ئەلکترۆنی بۆ خزمەتگوزارییەکانی بە کرێدان و بە موڵک کردن .
- دانانی بنکەی (DATA) بۆ کلێشە ئەلکترۆنیەکانی فەرمانگە حکومیەکان و پرکردنەوە و ناردنیان بۆ هەموو فەرمانگەکان بە شێوازی ئەلکترۆنی .
- دابین کردنی پسوڵەی تەندروستی و خاوەندارێتی ئوتومبێل و بە دوا داچوون و زانیاری وەرگرتن و خزمەتگوزاریەکانی کەرتی گەشت و گوزار .

خزمەتگوزاری فەرمانگەکانی حکومەت وەکو دەرچون و نوێکردنەوەی مۆڵەت و بەڵگەنامەی دامەزراوەکان دڵنیا بوون لە راستی و دروستی ئیمزاکان . دیارە مەبەست لە دامەزراندنی حکومەتی ئەلکترۆنی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیایە بۆ رێکخستنی کارەکانی حکومەت لە هەموو ئاستەکاندا لە پێناو زیاتر خزمەت کردن بە هاووڵایان و نەهێشتنی یاخود کەمکردنەوەی رۆتین و ئاستەنگە لە بەردەم بەڕێوەچوونی کارەکاندا و حکومەت و هاووڵاتیانیش لەم سیستەمەدا دووچاری بەفیرۆچوونی کات و خەرجی نابنەوە .

سەرچاوە :
گۆڤاری تواصل ژمارە (٢)
نووسەری بابەت : ئەندازیار / عباس كاظم الحسب

**لە بیرت نەچێ تەلەفۆن ئامرازێکە بۆ خزمەتکردن بە مرۆڤ، نەک بێزار کردنی.**